# پەیامی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی

## بەبۆنەی جیژنی نەورۆزەوە

### بەناوی خودای گەورە

بەبۆنەی هاتنی بەهارو جەژنی نەورۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش دەکەم بەهەموو گەلی کورد لەکوردستان و هەروەها لە کوردەکانی دەرەوەی وڵات.

لەوەتی کارەساتی هەڵەبجە و پێنجهەزار شەهیدەکەی لەساڵی 1988ەوە،ڕۆژەکانی پێش نەورۆزمان ماتەمینیو یادی ئازیزی ئەوشەهیدانەو هەزاران قوربانی دیکەی ئەو تاوانەگەورەیەی مرۆڤایەتییە. جگەلەوەش وەک هەمووان دەزانن چەندین ڕۆژی دیکەی دەوروبەری نەورۆز لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەبیرهێنەرەوەی کارەساتی دڵتەزێنو ماڵوێرانیو کوژرانو لێقەومانی گەلی بەشخوراوی کوردە.

بەڵام هەروەک چۆن لەنەورۆزدا سروشت خۆی تازەدەکاتەوەو سەرماو زستان تەنگی پێهەڵدەچندرێت و بەهارو رووناکیو گوڵو سەوزە سەرکەوتنبەدەستدێنن، هەربەوشێوەیەش چەندین بۆنەی واهەیە کە لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕەی سروشتدا یەکدەگرنەوە. یەک لەوانە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستانە کە بەرهەمەکەی پارلەمان و حکومەتی هەرێم و ئەو ئەزموونەیە کە نەک هەر گەلی کورد لەباشوور بەڵکوو لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کەڵکیان لێوەرگرتووە.

ئەوە راستە کە هەڵەبجەو باقی کارەساتەکان بوونەتەهۆی ناساندنی گەلی کورد لە جیهاندا وەکوو گەلێکی قوربانیدەر کە ستەمی زۆر گەورەی لێکراوە، بەڵام ئەوەش راستە کە ئێستا زۆر شتی دیکەش هەن کە کورد و کوردستان بەوە دەناسرێنەوە. ئێمە هەڵبەت ئارەزوومەندی ئەوەین کە وڵاتەکەمان کانگای ئازادیو دیموکراسیو هەروەها رێزگرتن لەمافی مرۆڤو مافی ژنانبێت و هەژاری و دەستەنگی لەناوخەڵکدا شوێنەواری نەمێنێت، بەڵام ئارەزوو شتەیەکەو راستی کۆمەڵگا شتەیەکی دیکەیە.

سەرەڕای هەموو گیروگرفتی ناوخۆ و هەروەها کەندوکۆسپو دەستتێوەردانی دەرەوە، هەر ئینسانێکی بێلایەن ئەوە دەسەلمێنێت کە کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئازادیو دیموکراسی گەشەی کردووەو بەنەمانی دەسەڵاتی رەشی رژیمی داگیرکەرو دیکتاتۆری بەعس، ئەم بەشەی کوردستان مەودای ئەوەی هەبووە ژیانێکی ئارامی دوورلەشەڕو ماڵوێرانی بباتەسەر. ژمارەی زۆری ڕێکخراوی پارێزگاری لەمافی مرۆڤ، مافی ژنانو مافی مندالان و هەروەها کەشوهەوایەکی تارادەیەکی زۆر ئازاد بۆدەربڕینی بیروڕا و نووسینو چاپەمەنی، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ناساندنی ڕواڵەتێکی دیکەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان.

سەرنجێک لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەرلە دیاربەکرەوە بۆ سنەو مەهابادو قامیشلی و

باقی شارەکانی دیکە ئەوەمان بۆدەردەخات کە خەباتی هێمنانەی سیاسی و هەڵسووڕان بۆ وەدەستهێنانی مافی پێشێلکراو بەردەوامە. هەڵبەت ڕێگاکە دژوارەو دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بە بەکارهێنانی توندوتیژی بەوهیوایەن هەڵسووڕاوانو چالاکانی خەباتی سیاسیو دیموکراسی بخەنە پەراوێزەوەو پاشەکشە بەم ڕەوتەبکەن. بەڵام وادەردەکەوێت کە تێکۆشەرانی کوردستان جگەلە ئەزموونی خۆیان، تەجروبەی باشووری کوردستانیان کردووە بە پشتوانەیەک بۆ درێژەدان بە خەباتی ئاشکرا لە نێو شارەکان و لەنێو جەماوەری خەڵکی کورددا. جارێکی دیکەش بەبۆنەی ساڵیتازەو نەورۆزەوە کە جێژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە، لەهەمووان پیرۆزبایی‌دەکەم و لەخودی گەورە داواکارم کە یاریدەدەری گەلی کوردبێت لەوڕێبازەی گرتوویەتە پێش و کوردستان ئاوەدانی، سەربەستیو رزگاری تەواو بەخۆوە ببینێت.

عێزەدینی حوسەینی

2005/03/18